
# نووسین و وتارەکانی یای کوبرا عەزیمی لە ڕۆژنامەی کوردستان لە سەردەمی
# کۆماری کوردستان




ئەم نامیلکە لەلایەن بەشی ڕاگەیاندنی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات لە ٧٤مین ساڵرۆژی دامەزراندنی ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنان ئامادە و چاپ کراوە، ئەرکی کۆکردنەوەی وتارەکانی یای کوبرا عەزیمی لە ئەستۆی بەڕێز فاروق فەرهاد لە وڵاتی سوید بووە، وەکوو یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران سپاسی هەوڵ و ماندوبوونەکانی بەرێزیان دەکەین



کوبرا عەزیمی: "ئەمن زۆر نووسینم هەبوو، زۆر کتێبم هەبوو، کە ئەرتش دەهاتەوە لە ترسان، لەگەڵ دایکم هەموومان لە چۆمی ساباڵغێ هاویشت."

سوئید ٢٦/١/٢٠٢٠

## خۆشبەختی

یای:کبرای عظیمی

افراد بەشەر وەدووی شتیکی نادیاری کەوتون کە دەبیری انساندا ناگونجی یا بیر لی کردنەوەدا عجیب و غریب دیتەبەرچاو ئەو شتە نادیاریەش خوشبەختیە. وهەر کەس لە ریگا بکەوە بو دیتنەوەی دەروا یەکیک مالی وەکو دەکا دومی جسمی خوی بە هیز دەکا سومی روحی خوی بە زانست پەروەرش دەدا چوارمی دایم سەری لە بەحری فکردا ناوە هەر یەک بە جوریک بو ئەو آرمانە دەرون بی خبر لەوەی کە ئەوان وەکو کویریکی دەچن کە لە روژی روناک دا لەباتی گوچان چرای بدەستوە بگری لە کوچە و کوالندا بگەری عاقبت لە چاالوی خطر دەکەوی یکی لە زانایان دەلی: هەر کەس خوش بەخت نەبی گوناەکارە. ئەو قصە گەورە نیشان دەدا کە بی شک دەبی خوش

بەخت بن اما دەبی بزانین کە ریگای خوشبەختی و سەعادت مندی کی هەیە؟
ئەمن خوشبەختی لە وظیفەناسین دا دەزانم .چونکو انسانی وظیفەناس لە احوالی باطنی خوی خبردارە دەزانی بوچی هاتووە و دەبی چبکا چون بوخوی نیتی چاکە نسبت بە کەس نیتی خراپی نیە وەکو دایکی دلسوز و میربان کە مندالی لە باوەشی خوی دا لە آفت و بالیانی دونیا حفظ دەکا و ریگای حقیقت و راستی پی نیشان دەدا ئەو کەسانەی کە لەبەر تەنبەلی و تەن پەروەری لە میدانی ژیاندا کنارەگیری دەکەن و لە چوار دیواری ترسناک و لە گوشەی نادیار عمری خویان رادەبەیرن هیچ وختیک نازانن و ناتوانن بەزانن کە لذت و شادی دونیا و قیامت لە پیک هینانی کارو وظیفەدا پیک دیت ئەو بدبختانە لەسەر چاوەی خوشبەختی زور زور دور کەوتون ئەمانە وە کەسی دەچن کە شتی خوی دەباغەلدابی و گوشە و کەنار بگەری بی بینیتەوە یا لە کەناری دەریایی و لە صحرای گرم و بی

آو دا له آو بەگری که رفعی تینوەتی خوی بکا البته دەو صورەتەدا غەیر از نائامیدی چی دی دستگیر نابی.

خوشبەختی بەبی وظیفه ناسن وەکو کەفی سەر آوی وایه که لەسەر آو دەلرزی تەوە و ئەگەر تیشکی روژی لیدەدا دەدروشی و تی گەیبشتوان له تەماشای خوی مات دەکا بەالم زانایان دەزانن هەرچی پایدار نەبی نابی دلی پی خوشکری گەورەترین وظیفه انسانی جحیل فیربونی زانست و هنره دورەی جوانی بهاری عمری انسانه و روحی بشر لەو وختەدا حاضره بو فیر بونی هەمو خوو و رەووشتی کەوابو دەبی تا دەتوانین و دەزانین لەگەل میللت و هاونیشیمانانی خومان دل پاک بین و له هیچ گونه خدمت مضایقه نەکەین. هەر وەکو انسان به ورزش و جوالنەوە بدنی خوی سالمت دەکا هەر بەو جوورەش دەبی فکر و ذینی خوی زیاده کا تا له میدانی ژیان دا به صبر و حوصله و دوربین بیت له ایامی جوانی دا بیری بشر قبولی هەمو زەحمت و زوریک دەکا دەبی له باغی علم

گوالن بەچنین و لە خرمانی زانست بت برین .فەقەت هەر کسب کردنی علمـ و هنر بەتەنیا بو ترقی کردنی روح بەس نیە بەلکو دەبی بو پیدا کردنی خوو و رەووشتی پەسند زورتر  زەحمت بەکیشین هەتاکو بتوانین صفاتی باش وەکو پاریزگاری و جوان مردی خوش رفتاری راست گویی و لەگەل میللت و نیشتمان و هاودینی خومان دەخوماندا کوبکەینەوە دەنا بونی زانای ناپاریزگار بو گەل ضرری لە قازانج زیاترە و صەد مرتبە لە بی عقلی بداخالق خراپ ترە .روژنامەی کوردستان ژمارە٢٣ چوارشەممو ١٥ رەشەمە

**پی پیروزه**

لەپاش ئەوەی چەند سال روژی ١٣٢٤ـ ٦ مارس ١٩٤٦ بەختیاری کورد لەژیر هەوری رەشدا شاردرابووه سوپاس بو خودا کە ئەو رۆژه لەژیر ئەو هەوره رەشه هاتەدەری و تیشکی خوی که روژنامەی بەریزی کوردستانە بە ایمه نیشان دا و بالی پیروزی خوی بە هەمو کوردستاندا هینا هیوام لە دەرگای خودا وایه کە ئەمر بەختیاریه لە سایەی پیشوای بەرزی کوردستاندا بو ایمه پایدار و تەواوی خاکی کبرای .کوردستان لە بهاری شادی و آزادی بەشدار بن
عظیمی روژنامەی کوردستان ژماره ٢٤ چوارشەممو ٢٢ رەشەمه ١٣٢٤ ، ١٣ مارس ١٩٤٦

**جیژنی سەربەخوئی و ناساندنی پیشوای کوردستان لە 8 الیەن آموژگارانی مەدرسەی کچان**

خطابەی یای کبرای عظیمی:

خوشکانی خوشەویست هەر وەکو خانم مدیر ئاو جیژنەی بە هەموتان عرض کرد امنیش بە نوبەی خوم عرض دەکەم هر چندە کە ایوە لەو روژ و ساعتەدا شاد و خوش حالن ئەمن صد ئەوندە چونکە لە طرف خانم مدیرەی مدرسەی کچان اجازە دراوم بەقەد چارەگیک زەحمتو بدەم ایستا کە جشن و شیرنی خواردنی شادی دانانی حضرت پیشوایە لە الین هەمو آموژگاران مدرسەی کچان سوپاسو لیدەکەم کە خوشکانی عزیز زەحمتیان کیشاوە و تشریفیان هیناوەتە ایرە و بون بە مایەی وەپیش کەوتنی منداالنی خویان هەمو دەی زانین کە بەشی مهمی عمری انسان وەختی جەوانیە چونکە انسانی جوان شایستەی هەمو کاریکە و فکری وی حاضرە بو فیربونی

عقل و ادب و دانیش هر سال و مانگ و روژ و ساعەتیکی
که دروا انسان قدم له میدانی فرەوانتر دادەنی و اگر
فکری لی بکن چونکه ایمه زور له پاشین کارمان گرانتر و
کولمان قورس تر دەبی اما دەبی بزانین که ئاو بارو کوله
گرانه چلون لەسەر پشتی ایمه الدچی البته ئاو باره سنگین
بقوەی عقل و علم الدەچی اما داخکم اهل مهاباد وانازانن
مثال ئاو کچه نوجوانانی خویان بدبخت و بی سواد دەکن
دەلین روله جوتی گورەوی بچنه یا کالوی بدرو یا خیر دەلین
ئەمن کچی خوم بو مدرسه نابەم بی ادب دەبی آیا
خانمان عزیز دەبی بی ادبی ایمه چەبی ئاو کسانی که ئاو
فکرەیان کردوه زور له ریگەی راستی دور کوتونەوه و لی
یان حالی نبوه مثال ئەمن شخصی خوم زور له مجلسان
گویم لی بوه هەر وخت که ایمه دەبینن دەلین اوانه
معلمەکانن وه به چاویکی زور کەم تماشای ایمه دەکن
ئەگر امه چاو له زمان و کتابان خارجەیان بکەین زور غمگین
دەبین و دەلین خودایا ایمش وکو وانه عبدین بو دەبی ال

آن به شاریکی وکو مهاباد دا له قسمت ژنان دا نه جراحی
نه حکیمـ و نه ددانسازی یا مامانی کی رسمی نەبی ئاو
ژنانه که حکیمن وکو مه دو دەست و دو القو دو چاویان
هیه فقط عقل و هوش و استعداد وان لەمه زیاتره ایمه
دەلین زیر و لیباس و پولمان زور بی پشتین زور بەبستین
ای دی نالین با ایمەش دکتری یا ددانسازی یا مامانی یا
جراحی کمان لەنیو پیدابی امید وایه ئەمـ عادەته لەو پاش
ترک بکری االن ئاو خوشکه عزیزانه که له خدمت ایوەدا
راوەستاون همویان له هر کار کەی ماهرن مخصوصا له
قسمت خانەداری و مندال داری و خیاطی و آشپزی هر
یک دەتوانن یک خانوادەی گەوره رابگرن البته دەزانن که
هیچ کس نەکار و نه عقل له زگی دایکی درنهیناوه فقط
مندال هتا حوت سال دەبی لەژیر تعلیمـ و تربیت دایکی
دەبی له پاش وی وکو انسانیکی نخوش بەبی الی
حکیمیکی زانا و دانا ) آموژگار ( هتا ئاو حکیمه دانایه
نخوشی وی عالج بکا و اگر ئاو حکیمه نسخەی دایه دەبی

مطابق ئاو دستور کە لە نسخەدا نوسراوە رفتار بکا. هتا چاک بیتوە ئەو لباسی ساخی لەبر بکا چونکو آموژگارەکان و شاگردان نطقیان هەیە لەوە زیاتر زحمەتو نادەمـ .روژنامەی کوردستان ژمارە ٢٧ دووشەممو ٥ خاکەلیوە ١٣٢٥ ، ١٩٤٦ مارس٢٥

**مدرسەی اکابری پایان**

بە امری پیشوای بەرزی کوردستان لە هەوەلی سالی تازە ١.١٠.١٣٢٥ مدرسەی اکابری پایان لە جیگای مدرسەی کچان دامەزراوە و تا ویستا لە حدودی چل کەس لە کچان و ژنان بو خویندن لەو مدرسەدا ٣ بو روژآوا لە جیگای نیوبراو نیو نوسیان کردووە و هەمو روژی ساتی کودەبنەوە و خەریکی خویندن دەبن .لەسەر هەمو کچ و ژنیکی نەخویندەوار پیویستە لەو نعمتە گەورە استفادە بکەن و بو خویندن و فیربوونی زانست لەو مدرسەدا لە غایەتی شوق و رغبت دا حاضر بن .آموژگاری مدرسەی کچان: کبرای عظیمی روژنامەی کوردستان ژمارە ٣٢ شەممو ١٧ خاکەلیوە ١٣٢٥ ـ ٦ آوریل ١٩٤٦

**تربیت له باوش دایکدا**

دەمەوی بەاندازەی بیرو تیگەیشتن خومـ تاثیری تربیت و عامالندنی منداالن بو خوشکانی عزیز و هاونیشتمانانی خومـ بنوسمـ :افالطون حکیمی زانای یونانی فەرمویەتی هیچ شتیک خدائی تر له تربیت نیه به تربیت بنی بشر دەبیته انسانی حقیقی. ئەو حکیمه زانایه ئەو قسەی تقریبا دو هزار سال لەوەی پیش کوتووه یعنی له زمانی کی دا که ایستا تربیت معجزاتی خوی له عالمدا نەنواندبو .ئەگەر اورو سەری له خاک درهینابا و دونیای ئەوروی دیبایه چی دەکوت؟ حتما ئەو شعری سعدی دەخویندەوە:

رسد آدمی بجائی که بجز خدا نەبیند
بنگر کـه تا چه حد است مکان آدمیت

راستی تی بفکرن و بزانن کە ئەورو تعلیم و تربیت چە ئەمری تعجب آور کە بە هیچ جور بە خیال بەشەر دا نایە ظاهر دەکا ئەورو بشر بەاندازیک ترقی کردوە کە بشر سهلە حیوانات تربیت دەکەن مثال میمون لە اثری تربیت دا وکو انسان لەپشت میزی دادەنیشیی هەر کەسی بیویت بانگی دەکا و دەستوری خوراکی دەدا و الزمات سەرمیزی هەرچی کە بی یەوی بە اشارەی مخصوص لی طلب دەکا لە اثری تربیت دا کوتر و باز بە عەکسی: کبوتر با کبوتر باز با باز ـ کند هم جنس با هم جنس پرواز ـ دەکەن هاو خانە بە نوی تربیت دەتوانن مشک و پشیلە بکەن بە رفیق پس کە وایە چون عقل رازی دەبی کە ایمەش لەو بهر و برەکتە غافل بین و لە فیضی وی استفادە نەکەین ئەوانە و بویە عرض دەکەم هەتا ثابت بی قسمتی عمدە لە چاکەو خراپەی انسانی ناشی لە تربیتە او انسانانەی کە تربیتی بی اثر دەزانن زور لە ریگای حقیقت دور کوتون طایفە و عدەیکی زورم بیستوە کە

لەگەل تربیت موافق نین هەمو شتیکی به فطرت و طنیت و ذات انسان دەزانن بعضیک له زانایان نسبت به تربیت بی اندازه خوش بینن و ابدا ذات و فطرت و سرشت داخل ترقی و تکامل ناکەن فەقەت هەموشتیکی له معجزه تربیت حساب دەکەن اما ئەوەش هەیه که تربیت تا اندازەیک ناتوانی له فطرت و وطنیت انسان دا تغیری پیداکا اما دەتوانی باندازەیک استعدادی پیشرفت له وجودیان دا ایجاد کا و ریگای معرفت و انسانیت راهنمائی دەکا. ئەوجار دیمه سەر باسی موضوعی اصلی و وتاری خوم یعنی تربیت له باوەش دایکدا هەمو زور چاک دەزانن که پایه و بنیاد تربیت انسان عبارته له تربیت دایک یا تربیتی خانواده ئەو تربیتەیه که دەتوانی نااهلی اهل کا جحیالنی خوش اخالق و راستگو و میللت دوست و نیشتمان پەرست به گەل پیشکەش دەکا تربیت پایه و ریشەی تەواوی اخالق و عدات انسانه و شخصیت انسان تشکیل دەدا وەکو دار چون لەسەر ریشەی محکم

رادەوەستی بەشەریش هەر وایە ئەو پیاوە زانایانە دونیا بە ایمە نیو و نیوبانگمان بیستون هەر ئەو تربیتی باوشی دایک و خانەوادە بوتە مایەی پیش کەوتن و ترقی کردنی وان مصلحت دەزانم کە لەو خصوصەدا بەسەرهاتی پیاویک بگیرمەوە: وەختیکی پیاویکی دز دینن کە اعدامی بکەن کابرا لەودەمەی دا کوتی دایکم بو بانگ بکەن دایکیان بانگ کرد کورەکە ووتی دایە گیان وەرە ماچت دەکەم دایکی کە چوە پیشی بو آخرین دیداری کورەکە ووتی دایە زمانت بینەدەری دی مژم دایکی کە زمانی دەرهینا لەپر نالە نالی بلیند بو کە خلکی چونەپیش دیتیان کە زمانی دایکی کردوتە دو پارچە احوالیان لی پرسی جوابی دانەوە و گوتی دایکم بوتە مایەی بدبختی و چارەرەشی من چون لە زمانی مندالی دا روژیکی لە مالی جیرانمان هیلکیکم دزی بردم بو دایکم لەجیاتی ئەوەی تەهدید و هەرەشم لی بکا تشویقی کردم کوتی رولە برو ئی دیی بینە هتا عاقبت کارم هاتوتە ئەورو حاکم حکمی

قتلمی داوه ئەگر روژی اول دایکم ئەمنی تهدید کردبا و له تربیەتم غافل نەبایه ئەوروژەم بەسەر نەدەهات .هەر ئەمن بو خوم له شاری مهاباد به چاوی خوم دیبوه که کوریک دایکی خوی نەبو روژیکی هاتوه الی بابی کوتی پولم بدەیه دەچمه شاریی قومار دەکەم بابی کوتی پیم نیه له پاشان به هەر جوریک بو پولی دایه اما ژنی پیاوەکه که وای دی زور عجایب ما وەفکری لەدوا روژی او کورەی کردەوه لەو بینەدا بابی تی گەیشت و بەژنەکی کوت بوچی واعاجزی گویا پیت ناخوشه من پولم داوه به کورەکەم اما ژنکه جوابی نەداوه زوری پی نەچو که همان کور مبلغی پنصدنمی به یک سات له قوماردا دوراند وەختیک بابی زانی زور غمگین و مات بو و به ژنەکی کوت بوچی نصحیتی ناکەی؟ ئەو ژنه که جوابی داوه گوتی به خوت وات تربیت داوه مەگەر له بیرت نەماوه ئەو روژی که پولت دایه و بو قومار تشویقت کرد اگر ئەودەم لەجیاتی پول دم و زارت پر له خوین کردبا ئەرو وای بەسەر

دانەدەهینای دەست پروردەی خوتە بەمن عالجی نابی .
خویندەواران عزیز ئەگەر باوەر دەفەرمون ااالنیش ئەو کورە
هەروا بدبختە و بە ذلت دەژی ئەوە هەمو لە اثری بی
تربیتی وای بسر هاتوە االن کە معلومە دایکان چە
وظیفەیکی عظیم و چە تکلیفی کی گەورەیان هیە و بە
هاسانی دەتوانن بو پیشرفتی کچان و کورانی ئەورو کە
باکو دایکی سبەینی هەول بەدەن و تصدیق بکەن کە
تربیت کور و کچ وەکو یک پیویستە اما تربیت کچ الزم تر
و باسواد کردنی وی واجب ترە بەلکو لە تمدن و ترقی
زورتر نیزیک بین .هومیدوارم کەچی دی ژن و کچی
ایمەش لە حقوقی اجتماعی بی بەش نەبن .روژنامەی
کوردستان ژمارە ٣٦ دوشەممو ٢٨ خاکەلیوە ١٣٢٥ ـ ١٧
آوریل ١٩٤٦

**جیژنه و شایی و شیرنی خوری له الیی ژنانی شاری شنو به بونەی سەربەخویی کوردستان**

خطابەی یای: کبرای عظیمی

خانمان عزیز و خوشکانی خوشەیست ئەورو اولین جاره که ژن و کچی کوردی له یانەی روابطی فرهنگی کورد و شورەوی کوبونەوه کمیته بست نمایندەگی له طرف خانم محترمی حضرتی رئیسی جمهوری مراتب شوکرگوزاری و عرض دەکەم و اجازه دەخوازم که چند کلمه راجع بەسەرکەوتنی و ترقی کردنی فرهنگ ئەورو به عرض مبارکتان بگەیەنم نظر بەوەی که پایه و بنیادی هەمو بحث و گفتگویەک لەسەر زانست و تربیت محکم و راوەستاو دەبی. مصلحت دەزانم که چند کلمه له وضعیت ژیانی دایکانی عزیز و خانمان نیشتمان

خوشەویست و حالت غم آوری چەند سال لەوەی پیش
کە لەبەر چاوی هەمویان زور چاک آشکرایە بوتان
بگیرمەوە البتە تصدیق دەفەرمون کە ژن لە نیو جامعەی
ئەو زەمانە دا چە اندازەیەک بدبخت و لە حقوقی اجتماعی
چند محروم بون واقعا زور جیگای تاسف و شەرمساریی
کە منداالنی تازە پی گەیشتوی ایمرو کە حالتی غم آور و
اسفناکی دوینی بە خودبینن و نفرین دەکەن لەو کەسانە
کە بون بە سەبەبی بدبختی بی سەوادی و بی بەشکردنی
وان لە حقوقی اجتماعی ژن کە لە ساختمانی بدنی دا
ذرەیەک لەگەل پیاوان تفاوەتی نیە نازانم علتی چیە و چە
بوە کە ئەو بیچارانەیان لە کنجی مالیدا حبس کردبو و حتی
راضی نەبون کە ژن بە آزادی بچیتە  حمام و روی آوەدانی
ببینی العانیش وەکو دەبینم ئەو قاعدە وحشیانە هەر ماوە
لەنیو بعضیک کەساندا ایدی بی خەبەرن کە بی علمی و
حبس کردنی جامعەی ژنانی اسالم لە پیشدا دەستیکی
بیگانی تیدابووە کە دوژمن دموکراسی بون ئەورو دەبی

دەستی دوژمنانی دموکراسی ببردریتو کورت بکریتە وە ایستا کە ایمە آزاد دەکرین و لە هەمو شوینیکا لەگەل برایانی خوشەویست آزاد و بی باکانە گفتگو دەکەین دەبی جامعەی ایمە بە بی ادب بزانن؟ نەخیر وانیە هەر کەس ئەو فکرانەیان کردوە زور کچ رویشتون و ریگای حقیقتیان وون کردوە و گومڕ رابون ایمە بە آزادی بی ادب نابین الحمدالله دونیای ئەورو دونیای ترقی و تمدنە ملت هەمو وەکو خوشکو براین چەندە ایوە بە حیا و ناموسو شرەف و حفظی نیشتمانی خوتان عالقەمندن ایمە سەد ئەوەندە بە آبروی ناموس خومان عالقەمندین چونکو چاکە و خەراپە دەزانین و نیتی چاک و خەراپ دەناسین و حاضرین کە لە سەر نیشتمان سینگی رووت خومان بەسەر نیزەی دوژمن دا بینین خالصە ئەو پیاوانە کە ژنیان لە زندانی ابد دا حبس کردبوو و خدەآورتر لە هەموو ئەویە کە بابی کوران و کچان انتظاریان هەیە لە ژنیان کە بو پاراستنی نیشتمان و حفظ ناموس و میللیەت اوالد پاکیان بو بەخیو بکا. ئەو فکرە زور

بی جیگا و زوریش لە ریگای حقیقت دووره چونکوو ئەو معلومە کەسیکی بو خوی زانست و هنریکی تەواوی نەبی و لە باغی علم و دانش گولی نەچنیبی چون دەتوانی ئەوالدی نیشتمان دوست و میللەت پەرست وەبەر بینی البتە ئەو قسانە من تصدیق دەفەرموون حتی وەختیکی کە تازە نشانەی سەربەخویی کوردان وەدەر دەکەوت و باسی دایکی نیشتمان دەکرا زور ژنان حتی بعضیک لە پیاوان بی سەواد و بی خەبەر لە دنیا دەیان گوت دایکی نیشتمان ژنە یان پیاوە ایدی نەیان دەزانی نیشتمان ئەو خاکو سەرزەمینەیە کە ایمەی تیدا پەروەردە بووین .
فەرهەنگ رووحی بشرە و مایەی سەرکەوتنی میللەت و نیشتمانە بە خصوص ئەورو کە فەرهەنگ کوردستان و شورەوی اتحادیان بەستوە و چەندین بەرابەر تەرەقی کردوە چەند وەختیک بوو کە هەوری بەدبەختی آسمانی خوشبەختی و ترقی و تمدنی ایمەی تاریک کردبو و نەیدەهیشت کە بارانی رحمت خاکی ویشک و بی آوی

ایمه تر بکا ئه‌ما شوکری خودای که له ناکاو کزه بایه‌کی ره‌حمه‌ت له آسمانی خوشبه‌ختی را هات و به‌سه‌ر ئه‌و هه‌رده‌دا غالب بوو و له آسمانی کوردستان شه‌به‌قی و رووناکی په‌یدا کرد و به چاوی خومان دیمان که حضرت رئیس جمهوری له خاکی مهاباد دانراو و شعله‌وه‌ر بوو ئه‌و روژه رووناکه له ته‌واوی خاکی کوردستان دا مشهور بوه مخصوصا توجهی حضرتی پیشوای به اداره‌ی فه‌رهه‌نگ و مدرسه‌کان که هه‌مو روژی ده‌ستوراتی تازه صادر ده‌فه‌رموون و اغلب جار حضرت بو خوشیان تشریف ده‌هینینه مدرسه و چندین به‌رابه‌ر بو به مایه‌ی دلگرمی ماموستاکان و شاگردان زورتر بووه و هیوادارمـ که انشالله ئه‌وه‌نده زور بی شاگرد که چه‌ند مدرسه‌ی دی و ده‌بیرستانیان بو دابنری به‌لکوو وه‌کو ایمه نه‌بن و بتوانن له هه‌مو کاریکدا له‌گه‌ل برایانی عه‌زیز شه‌ریک بن و له حقوق اجتماعی محرومـ نه‌بن و هیچی دیی نه‌لین ئه‌و پیاوه ایمه ژن ئه‌و کوره ایمه کچ به ته‌وفیقی خودای بی

هاوتا بە زوریکی زوو ئەو قاعدەی تفاوت دانانی ژن و پیاو
لەنیو الدەچی میللەت وەکوو خوشکو برا دەس دەنین
دەس یەک بو رزگار کردنی دایکی نیشتمان چونکوو
نیشتمان چاوەریی ئەو کچ و کورانەیە کە هیچ نەبی
محتاجی بیگانان نەبی و لە آخریدا بە دلیکی پر لە شادی و
شعف لە خودای تعالی دەخوازم تا ئەبەد برقەرار و دوژمن
کویر بی حضرتی رئیس جمهوری کوردستان هەر
راوەستاو بی آالی سی رەنگی کوردستان بژی ئەکەسانە
کە لە ریگای فەرهەنگدا گیان فدان .روژنامەی کوردستان
ژمارە ۳۸ دووشەممو ۲ بانەمەر ۱۳۲۵ ـ ۲۳ آوریل ۱۹٤٦

## اقتباسات آزادی و ژیان

کبرای عظیمی

هەولین پیویستی بەرزیەتی هەر میللەتیک آزادی یە. آزادی هەمو ملەتیک تەنیا خو و رەوشتی چاک و بەرز دەتوانی رایگری آزایی و شایستەیی و یەک دلی و یەک بیری میللەت پاسەوانی آزادیی ئەو میلەتەیە. میللەتیک بییەوی آزاد بژی پیویستە وە دووی حەقیقەت پەرستی کەویت آزادی بی حەقیقەت پەرستی ناگونجی زانست کولەکەی راگرتنی آزادیە. دەبی بو وەچەنەهینانی آزادی مال و گیان... میللەت دەبی آزادی خوی بە خوین بپاریزی. بەروبووی آزادی یەک رەنگی و بەرابەری هەمووکەسیکە لە موقابیل قانون هیچ جورە آزادییەک بە ایمە اجازە نادات کە تا ابد... کار بین و یا لە کار دا بە هەلە

بچین .هاونیشیمانەکانم.... پیویستە بو وەچەنگ هینانی
آزادی و راگرتنی وی خومان هەموار و پان و بەرین کەین و
لە خو و رەوشتی ناحەز خو بپاریزین و بە گاسنی عەدالت
رەگ و ریشەی لە.... هەلقەنین و تووی عەدالت و
بەرابەری کە الزمەی آزادی یە دابچینین و باوەری آزادی و
سەر... ...دەکەوی. هەر اندازە بیرمان لەسەر باوەریک
بیت بەو اندازەی داری آزادیمان قایم تر دەبی ... آزادیدا
لەسەرمانە ...بین. بە حقووقی ...روژنامەی کوردستان
ژمارە ١٠١ یەک شەممو ٢٦ خەزەلوەری ١٣٢٥ ـ ١٩٤٦
نومباری ١٧



مەهاباد مەدرەسەی خەییام ساڵی ١٣٣٠/٥/٢١
دانیشتوو لە ڕاستەوە: محەمەد سیدقی ـ محەمەد
موبەلەغی ـ مسگری ـ کوبرا عەزیمی ـ قایم پەناه ـ حەسەن
مەزلومی ـ رەحیم لەشکری ـ حەسەن مودەرسی ـ
محەمەد فاروقی ـ مەال ئەحمەد ئەشرەفی ـ محەمەد
حەبیبی .... وێنە لە کتێبی: ساوجبالغ مکری )
مهاباد ( ، فەریدون حەکیم زادە



مەهاباد ساڵی ١٣٢٨ی هەتاوی دانیشتوو لە ڕاستەوە:
کوبرا عەزیمی ـ مریەم خوسرەوی ـ ؟ ـ فەزل عەلیزادە ـ
ئاغای سەمیعی حیسابدار و بەرپرسی ئیدارەی فەرهەنگ ـ
؟ ـ سەرهەنگ وەڕهڕام ....



Mamoste Kobra Ezîmî

Sala 2012'an Ew yek ji dersbêjên xwendingehên Mehabadê bû li sala 1946'an

کوبرا عەزیمی، سوئید ساڵی ٢٠١٢ وێنە: لە کتێبی یادگارییەکانی کۆماری کوردستانی ١٩٤٦ بەرگی دووەم .

نووسەر: کاکشار ئۆرەمار




ڕۆژنامەی
کوردستان



کوبرا خانم عەزیمی و فارووق فەرهاد، سوئید شاری ستۆکهۆلم ٢٦/٠١/٢٠٢٠

## خەڵاتی «مینا خانم»



**بەڕێز یای کوبڕا عەزیمی**

**یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بۆ ڕێزلێنان لە کار و تێکۆشانی ئێوە و مێژووی دوور و درێژی ئەندامەتیتان لەم ،ڕێکخراوەدا، خەڵاتی "مینا خانم "پێشکەشتان دەکات ،هیواداریین بە درێژەدان بە کار و تێکۆشانی خۆتان لە داهاتوودا یارمەتیدەری سەرکەوتنی زیاتر لە دەستەبەرکردنی مافی ژنانی کورد و ئەرک و ئامانجە پیرۆزەکانی ڕێکخراوەکەمان بن**

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

٢٤ی رەشەمەی ٢٧١٩ی کوردی